www.kurdistannet.org
12-9-02 12:43:55

# ناساندنی کتێبێك

**نوری کریم**
7.9.2002
hanaahmad94@hotmail.com




**گوڵێك لە بیابانی ئەفریقادا**

**واریس دیریە**

**ئەمە ناونیشانی بەسەرهاتێکە کە لەلایەن واریس دیریەوەیە، بە زمانی ئینگلیزی، Desert Flower، "گوڵێکی بیابان" نوسراوە، بو یەکەم جار لە سالی ١٩٩٨ چاپ و بڵاوکراوەتەوە.وەگێڕدراوی سویدی ئەم بەسەرهاتە " En Blomma i Afrikas öknen" لە زۆربەی زۆری پەرتوك فرۆشیەکانی سوید دەست دەکەویت.**

**ئەم بەسەرهاتە، بەسەرهاتی واقعی واریس دیری خۆیەتی.تەواوی رووداو و کەسەکان، بێجگە لە گۆڕینی چەند ناوێك، رووداو و کەسی راستین.**

**واریس لە خیزانێکی کۆچەری بیابانی سۆمالیا لە دایك بووە، لە رێگای بەخێوکردنی بزن و حوشترەوە ژیان بە سەر دەبەن.واریس تەمەنی دوانزە ساڵە بووە کە باوکی بەنیاز بووە، لە بەرامبەر حەوت حوشتردا بە پیاوێکی چەند ژنەی شەست ساڵە بە شووی بدا.**

**واریس بە یارمەتی دایکی لە دەست باوکی بەرەو موقادیشۆ، پایتەختی سومالیا هەڵدێ، کە تەواوی کەس وکاری دایك و باوکی لەوێ دژین.دەکەوێتە ڕێ، پاش ماوەیەك، مامی واریس کە سەفیری سومالیایە لە بەریتانیا، واریس وەك کارەکەری ئیشی ناو ماڵ لەگەڵ خۆی بۆ لەندەن دەبات.پاش تەواو بوونی کاری مامی لە بەریتانیا ماڵی مامی بە خاوخیزانەوە دەگەرینەوە بۆ سومالیا.بەلاّم واریس بە هەوڵی خۆی لە بەریتانیا دەمێنێتەوە.واریس ئێستا لە نیویۆرك دەژی وەك فۆتومۆدیلێکی بەناوبانگ کار دەکات و منداڵێکی هەیە.**

**تەواوی بەسەرهاتی واریس لە دەوری یەك کێشە دەخولێتەوە.واریس لە تەمەنی پێنج سالیدا خەتەنەکراوە، تەواوی ئەندامی مێینەی دەرەوەی لێکراوەتەوە و دووراوەتەوە.لە واریس وایە، هەموو کچانی ولاّتانی بە ناو ئیسلامی وەك ئەو خەتەنە کراوە، بەلاّم دوای چەند رۆژ ژیان لە بریتانیا، هەرچەند لە ناو چوار دیواری ژووری چێشت لێنان و قاپ شتندا ژیا، بۆی دەردەکەوێ کە ئەمە وا نیە.واریس هەر زۆر زوو لە لەندەن سەرنجی کچەکانی مامی دەدا، کە لەو گەورە ترن و لەوێ گەورە ببوون، کاتێك بۆ میز کردن دەچوونە ئاودەست یەك دەقیقەیان پێنەدەچوو، ئەمیش ناچار دەبوو زیاتر لە دە دەقیقە بمێنیتەوە.رۆژێك واریس بە هۆی ئازاری دەورەی مانگانەی ژنانەوە لە هۆش خۆی دەچیت و ناچار دەبن بۆ لای پزیشکی بەرن.هەر چەند پزیشکەکە دەیزانی گرفتەکەی واریس چیە، بەلاّم بە دانی چەنە دەنك حەبی ئازار کەمکردنەوە خۆی رازی دەکات.بە گەرانەوەی ماڵی مامی بۆ سومالیا، واریس دەکەوێتە سەر جادە و بەشێوەی نایاسایی دەمێنیتەوە و دەست بە کارکردن دەکات.بەلاّم رۆژ بە رۆژ گرفتەکەی گەورەتر دەبیٚ و دەردە سەری بو زیاتر دەکات.ئیتر نەدەکرا هەر مانگەی دوو هەفتە لە مالەوە لەبەر ئازار بکەویت و درێژە بە کارەکەشی بدا.لە کۆتایی‌دا واریس بڕیار دەدا کە ئەم گرفتە لە کوڵ خۆی بکاتەوە و دەچیتە لای پزیشك و پاش باسی باری تەندورستی خۆی داوا لە پزیشکەکە دەکات ئەندامی**

مێینەی کە دووراوەتەوە بۆی بکاتەوە، بەڵام ئەوەی واریس پێشبینی ناکات وەڵامی پزیشکە لە وڵاتێکی ئەوروپایی وەك بەریتانیایە.پزیشکەکە پێی دەڵێت: تۆ لە سومالیاوە هاتووی و دەزانی خەتەنە و دوورینەوەی ئەندامی مێینەی کچان بەشێکە لە داب ونەریت و کەلتورتان، کە ئێمەش ڕێز لە داب ونەریت و کەلتوری میللەتان دەگرین.ئێمە بەبێ ئاگاداری و ڕازی بوونی سەرپەرشتەکەت لەسەر داوای خۆت ئەم کارە ناکەین.

واریس پاشان ئاگادار دەبێتەوە کە پزیشکەکانی بەریتانیا تا سالی ١٩٩٦، لە سەر داوای دایك و باوکانیك کە کچەکانیان لەوێ گەورە بوون، خەتەنەی کچانیان کردووە و پاش نارەزاییەتیەکی زۆر دەولەتی بریتانیا ئەم کارە دژی ئنسانییەی "بە رەسمی" قەدەغە کردووە.بەڵام ئیستا بە بەر چاوی زەقی دام و دەزگا دەولەتیەکانەوە، هەر کۆمەڵە خێزانیك کە بە نیازن کچەکانیان خەتەنە بکەن کۆدەبنەوە و بریار لەسەر هێنانی کەسێك بۆ بەریتانیا دەدەن تا ئەم کارە دژی ئینسانیەیان بو ئەنجام بدا.

گرنگترین و پر بایەخ ترین بەشی ئەم بەسەرهاتە ئەوەیە کە واریس بە دوا ئەو بەشە لە فەرهەنگ و کەلتوری دواکەوتوەدایە کە لە پشت ئەم قەسابخانەیەی کچانەوە ڕاوەستاوە.فەرهەنگ و کەلتورێکی زاڵ لە ناو ئەم جۆرە کۆمەڵگایانەدا کە دەبێتە هۆی ژیاندنەوە و درێژەدانی ئەم دیاردە دژی ئینسانیە.

واریس بە چاوی خۆی خوشکەکەی خۆیی بینیبوو کەچۆن خەتەنە دەکرێ چۆن لە ناو ئازار و خەڵتانی خوێندا دەبووریێتەوە.واریس بیستبووی کە خوشکە گەورەکەی حەلیمو و ئامۆزاکەی بەرگەی ئەم قەسابخانەیان نەگرتووە و گیانیان لە دەست داوە.هەروەها هەواڵی گوم بوون و بێسەر و شوێن بوونی سەدان کچی منداڵ لە کون قوژبنی ئەم بیابانەی بیستووە، بەڵام سەرەڕای هەموو ئەمانە واریس بە ئاواتی ئەو ڕۆژەوە بووە کە کەی خەتەنە دەکرێ.واریس خۆی دەڵێ چۆن منداڵانی وڵاتانی ڕۆژئاوا ڕۆژ ژمێری دەکەن بۆ گەیشتنی ئاهەنگی جەژنی لە دایك بوونیان و هاتنی بابەنوئیلی دەست بە دیاری لە جەژنەکانی سەری سالی تازەدا، ئاوا منیش بە هیوای مەراسیمی خەتەنەکردن و هاتنی ژنە قەرەجی قەسابی دەست بە گوێزانی کول و خوێناوی بووم.واریسی تەمەن منداڵ کاتێك حەز لە کوڕی دراوسێکەیان دەکات، بە خەیاڵی خۆی کوڕەکە حەز لەم ناکا و حەزی لە خوشکە گەورەکەیەتی، چونکە ئەم خەتەنە کراوە و پاکە.لە نەریت و کەلتوری سومالیادا، کچ تا خەتەنە نەکرێت و نەدوورێتەوە هەر پیسە، وە وا لیکدەدریتەوە کە هیشتا منداڵە و ئامادەی ژیانێکی تازەتر نیە.کوڕیش تەنیا کچێك دەهێنێت کە خەتەنە کرابیت و دوورابێتەوە و بە دەستی پیرۆزی خۆی لە شەوی زاوایەتیدا تەقەڵەکانی دەکاتەوە.کچیك ئەگەر شوو نەکا وەیان شوو بکا و منداڵی نەبێ، لە بەرامبەر کۆمەڵدا جێگای نەفرەتە، چونکە بە ئەرکی سەرشانی هەڵنەساوە.وەك ئەڵێن ڕۆحی خۆی بە کەسیکی تر نەداوە.

وایس دەڵی:"لەو شتانەی کە تایبەتی خۆمە، پێڵاوەکانم لە هەموویان زیاتر خۆش دەویت، دوو کەنتۆری گەورە پیلاوم هەیە بەڵام هەر هەست دەکەم هیچم نیە، هەموو ڕۆژێ تەماشای یەك بە یەکیان دەکەم بەبێ ئەوەی لە پێیان بکەم".هۆکەی ڕوونە.واریسی نەخوێندەوار، هەژار و کوچەر بیابانی سومالیا، تەواوی تەمەنی منداڵی بەبێ پێڵاو بردوەتە سەر.بەڵام هەر هەموو ئەمانە ڕێگەر نەبووە لە بەردەم واریسدا کە لە سەرتاسەری جیهاندا ببێت بە نموونەی نارەزایەتی.کاتیك واریس پشتی لە داب ونەریت و کەلتوری کۆنەپەرستانەی سومالیا کرد و دەنگی نارەزایەتی لەدژی خەتەنەی کچان بەرزکردەوە، کومەڵگای شارستانی و لانکی دیموکراسی ڕاچڵەکان و لە تەلەفیزیونی وڵاتە پێشکەوتووەکان و ساڵونە گەورەکانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، دەنگی دایەوە.

واریس دەڵێ: "کارەساتیك کە بەسەر مندا هاتووە، هەر ساڵە بەسەر دوو ملیون ئافرەتدا دێ.لەو شارەی کە منی تیادا دەژیم (نیویۆرك)بیست و حەوت هەزار کچ و ژن خەتەنەکراون یا خود بەڕێوەیە کە بکرێن.لەو قارەیەی کە من لێوەی هاتووم هەموو ڕۆژێك شەش هەزار کچ یان ژن لە کاتی ئەنجامدانی ئەم کارەدا یان لە کاتی منداڵ بووندا، بە هۆی ئەوەی خەتەنە کراون، گیانیان لە دەست دەدەن.بە داخەوە ئەم دیاردەیە ڕۆژ بە ڕۆژ ڕوو لە زیاد بوونە نەك لە کەمی."

" گوڵیك لە بیابانی ئەفریقادا" en Blomma i Afrikas Öken Waris Dirie" سەرچاوەیەکی پر بەهایە بۆ ناساندنی ئەم کارەساتە دژی ئینسانیە.